وەزارەتی کارەبای هەرێم: لە وەرزی هاوین بڕەمەنانی کارەبا لە وستگەکانی بازیان و خەبات و ماس زیاد دەکرێت



ئەنجومەنی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم لەو کۆبوونەوەی ئاسایی خێیدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە ئەنجامیدا رایگەیاند، لە وەرزی هاویندا بڕەمەنانی کارەبا لە وستگەکانی بازیان و خەبات و ماس زیاد دەکرێت.

یەپڕی راگەیەندراوی وەزارەتی کارەبای هەرێم، تیایدا هاتووە، ئەمڕۆ پێنجشەممە 30ی ئایاری 2024، ئەنجومەنی وەزارەتی کارەبا بە سەرپەرشتیی کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبای هەرێم لە کۆبوونەوەی ئاسایی خێیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دا.

ئەوەش هاتووە: لە کۆبوونەوەکەدا، بریکار و راوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتیی کارەبای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئامادەبوون، بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی دابڕینی دابەشکردنی کارەبا لە نێوان پارێزگاکان درا.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە بەرنامەی کارەبا و لە وەرزی هاویندا بڕەمەنانی

کارەبا لە وەستگەکانی بازیان و خەبات و ماس زیاد دەکرێت و هەوە دەدرێت یەکێیەکی دیکەی وەستگەی کواشی بە گازوایل بگەڕێت بخرێت و چاککردنەوەی یەکەکانی وەستگەکانیش ئگەر زەر پەویست نەبێت نەخرێتە وەرزی هاوین.

باس لەوەشکراوە، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی وزەی کارەبا، وەزارەتی ئەوەی چاکسازییان لە هەڵەکانی کارەبا کردووە، لە ئامادەباشیدان بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تەکنیکی. هەروەها بەیاری کارپێکردن و تەواوکردنی پرۆژەی پەوەری زیرەک لە شارەکان درا.